# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی،رۆشنبیری گشتییە،حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1-7- 2000 بڵاوبۆتەوە،ژمارە (255) یەکشەممە 2015-03-08


## سڵاو لەیادی راپەڕین

راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە مێژووی بەرخۆدانی گەلی کوردستاندا وەرچەرخانێکی نوێ بوو، بەهێزی لەبننەهاتووی جەماوەر بەشێکی زۆری باشووری کوردستان رزگارکراو سوپای داگیرکار وەدەرنرا.
رۆژی٤ی مارسی ١٩٩١ لە ئۆردوگەی هەنجیرۆکی ناحیەی خەبات چەخماخەی راپەڕین لێدرا و ئۆردوگەکە ئازادکرا، رۆژی دواتر دانیشتووانی شاری رانیە راپەڕین و شارەکەیان ئازاد کرد، بەهۆیەشەوە نازناوی دەروازەی راپەڕینیان مسۆگەر کرد. ئەمساڵ لە بیست و چوارەمین ساڵیادی راپەڕیندا بەشکۆوە یادی راپەڕین دەکەینەوە، سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی دەنێرین، پیرۆزبایی لە تێکڕای کوردستانیان دەکەین.

# بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی، دەبێ بەنزین هەرزانتر بکرێ،ئاو و کارەبا و سووتەمەنی بە خۆڕایی بکرێن

## رۆژەڤ

قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی ترسناک گەیشتووە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغداد گەڕایەوەو باسی لە ئیفلاسبوونی حکومەتی ناوەند کردو بێڕاوەستان رووی لە تورکیا کرد و بەرەو ئەنکارا رۆیشت.
ساڵی رابردوو پێوەندیەکانی نێوان هەولێرو بەغداد، دەکرێ بگوترێ کە پێوەندی نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیرانی بەغداد بەرەو گرژی و ئاڵۆزی رۆیشت، خودی نوری مالکی بە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان تۆمەتبارکرا، کەچی نوری مالکی خۆی بێبەری دەکردو تۆمەتەکەی بۆ ناڕوونی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەگێڕایەوە، بۆیە بەدەستبەکاربوونی حەیدەر عەبادی وا لێکدرایەوە کە ئیدی پێوەندیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند ئاسایی دەبنەوە، ناوەند بەشە بودجەی هەرێم رەوانە دەکات، بەتایبەتیش دوای واژۆکردنی رێککەوتنێک بە رادەستکردنی نەوتی هەرێم و رەوانەکردنی پشکی ١٧%ی بودجەی عێراق بۆ هەرێم کۆتایی پێهات، مخابن ئەو رێککەوتنە بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ئامادە نەبوو ئەو بڕە نەوتەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە رادەستی بەغداد بکات، هەرەسی هێنا، بەوهۆیەشەوە باس لە نەمانی مووچەی فەرمانبەران کرا، مامۆستایان نارەزایی خۆیان پێشانداو هاتنە سەر شەقام، ئێستا بەمەبەستی کپکردنەوەی نارەزایەتی فەرمانبەران، دەنگێک بەمەیلی دەستەڵات دروشمی (مووچەم ناوێ)ی هێناوەتەوە گۆڕێ، ئێمە پێمانوایە کاتێک ئەو دروشمە جێدەگرێ کە سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم خۆیان مووچەیان وەرنەگرن و رەتی بکەنەوە!! هەروەها ئەو کەناڵەی کە بانگەشە بۆ دروشمی (مووچەم ناوێ) دەکات، دەبێ چیتر خۆی پارە لە حکومەت وەرنەگرێ و تەخشان و پەخشانی نەکا!! ئەو دروشمە کاتێک رەوایە کە شاندە جۆراوجۆرو بێکارەکانی حکومەت خۆیان سەردان و گەڕانی وڵاتان رابگرن!! ئەو دروشمە کاتێک ڕەوایە کە حکومەت پارەی ئاوو کارەبا لە خەڵک وەرنەگرێ، بەنزین هەرزانتر بکاتەوە، نەوت و سووتەمەنی بە خۆڕایی بەسەر خەڵک دابەش بکات!!
بەکورتیەکەی ئەگەر مەبەست تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی بێ، دەبێ لە دەستپێکدا نرخی بەنزین هەرزان بکرێتەوە، ئاو، کارەباو سووتەمەنی بە خۆڕایی بکرێن.



# بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانمان پارێزراو بن، پێویستە کۆڕەومان لەیاد بێ و پەندی لێوەربگرین

## داوا دەکرێ ئۆجەلان پەیامی نەورۆز بخوێنێتەوە

سەباحەت تونجەل، نوێنەری شاری ئیستەنبوڵ لە پەرلەمانی تورکیا و ئەندامی پارتی دیموکراتیکی گەلان(HDP) لەبارەی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆنی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە جەژنی نەورۆزدا، گوتویەتی: ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە بەڕێز ئۆجەلان ڕاستەوخۆ لە ئامەد ئامادە ببێ و لە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا بۆ خۆی پەیامی ئاشتی بۆ هەموو جیهان ڕابگەیێنێ.
تونجەل گوتویەتی: دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش لە نێوان حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی فەرمی عەبدوڵڵا ئۆجەلان گۆڕانکارییێکی زۆر گرینگ و گەورەبوو، نەک تەنیا لە سەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسی تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدشدا. هەڵبەت داهاتووی ئەم گۆڕانکارییانەش پێویستی بە هەمووان هەیە، جا ئەگەر هەمووان خوازیاری ئاشتییێکی سەقامگیربن، دەبێ ئازادکردنی بەڕێز ئۆجەلان بکرێتە هەنگاوی یەکەم،چونکە تورکیا جگە لە ئاشتی ڕێگەیێکی دیکەی نییە. ئێمە وەکو نوێنەری خەڵکی کوردی باکووریش لەم باوەڕەین کە تورکیا جگە لە ئاشتی بەختێکی دیکەی نییە و لەم ڕێگەیەدا هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین،بۆئەوەی ئاشتییێکی راستین بێتە ئاراوە.

## خەلیفەکەی داعش رادەکات

جێگری سەرۆکی پۆلیسی دوبەی زاحی غەلفان، لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەردا، بڵاویکردۆتەوە کە"ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی دەوڵەتی داعش بەپاسپۆرتێکی عێراقیەوە کە خاوەنەکەی مردووە بەرەو ساحل ئەلعاج (کۆتدیڤوار) هەڵهاتووە و دەوڵەتە وەهمیەکەی جێهێشتووە.
زاحی غەلفان دڵنیایی لەڕاستی زانیاریەکانی خۆی داوەو ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەگەر ئەبوبەکر بەغدادی لە سنووری دەوڵەتە وەهمیەکەیدا ماوەتەوە با خۆی پێشان بدات، وەک ئەوەی کە یەکەمین جار لەموسڵ خۆی دەرخست و وتارێکی پێشکەش بە لایەنگرانی کرد.
هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە ئەگەر بەغدادی هەڵاتبێ، بێگومان لە رێی تورکیاوە ئاسانکاری بۆ کراوەو لە فڕگەیێکی وڵاتی تورکیاوە بەرەو ساحل عاج رۆیشتووە، دەنا ئەستەمە لە فڕگەیێکی عێڕاقدا بۆی دەرچووبێ.

### جیهان پێشوازی لە پەیامی ئۆجەلان دەکات
بۆ لاپەرە 3

### ئایە کۆمەڵگەی مێگەل هەیە؟
بۆ لاپەرە 4

### ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتن
بۆ لاپەرە 5

### کێوی پیرۆز کە ژن تێیدا قەدەغەیە
بۆ لاپەرە 7